


# لە ڕۆژی خۆشەویستیدا هەڵمەتێکی گەورەی خوێن بەخشین ئەنجام درا

بە دروشمی «خۆشەویستیی تاکەکان هیوان بۆ تووشبووانی تالاسیمیا»، لە ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی ٢٠٢٠/٢/١٤ کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمەڵەی تالاسیمیا و کارمەندانی بانکی خوێنی هەولێر و کەسانی دڵسۆز هەڵمەتێکی خوێنبەخشینی بەرفراوان بۆ تووشبوانی تالاسیمیا و شێرپەنجە ئەنجام درا.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سروە عەلی جەباری بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان / هەولێر، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ڕایگەیاند: «بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەوستی دوو چالاکیمان هەبوو، چالاکی یەکەم بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستی ١٤/ ٢ بوو، کە لە ١٣ /٢/ ٢٠٢٠ بەڕێوە چوو لە سەنتەری تالاسیمیا بە هاوکاریی ڕێکخراوی (فام کۆ) کە بە دیارییەکانیان دڵی تووشبووانیان خۆش کرد و خەندەیەکیان خستە سەر لێوی تووشبوان و هاوکاربوون بۆ دابینکردنی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان، چالاکیی دووەم لە ڕۆژی خۆشەویستی ١٤ / ٢ / ٢٠٢٠ بە هاوکاریی کۆمەڵەی خوێنبەخشان و سەنتەری بانکی خوێن هەڵمەتێك ساز کرا بۆ هاوکاریی تووشبووانی (تالاسیمیا و شێرپەنجە) و هاونیشتمانیان خۆشەویستیی خۆیان بە خوێنبەخشین بە تووشبووانی تالاسیمیا و شێرپەنجە دەربڕی.» گوتیشی: «بە ناوی کۆمەڵەی تالاسیمیا و تووشبووانەوە سوپاس و دەستخۆشی لە ڕێکخراوی (فام کۆ) و کۆمەڵەی خوێنبەخشان دەکەین، نموونەیان زۆر بێت هەر لە خۆشی و بەخشینی خۆشەویستیدا بن.»

بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان / هەولێر، جەختی لەوە کردەوە کە «کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان هەمیشە هاوکارە لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازارێك لە ئازارەکانی تووشبوانی تالاسیمیا و ڕەخساندنی کاتێکی خۆش بۆیان»، گوتیشی: «بە سوپاسەوە ئەوا چەندین جارە کە هاونیشتمانیان و ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لە ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا و لە ڕۆژانی دیکەشدا خۆشەویستیی خۆیان بۆ تووشبووانی تالاسیمیا و شێرپەنجە دەردەبڕن و بە چالاکییەکانیان و دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکان و بەخشینی خوێن، ئاوڕێك لە تووشبووانی تالاسیمیا و شێرپەنجە دەدەنەوە، بۆیە دەڵێین: خۆشەویستیی تاکەکان هیوایە بۆ تووشبوانی تالاسیمیا، نموونەیان زۆر بێت.»

سروە عەلی لە درێژەی قسەکانیدا هیوای خواست «هاووڵاتیان بە چاوی بەزەیی سەیری هیچ تووشبوویەکی تالاسیمیا و شێرپەنجە نەکەن»، گوتیشی: «پێویستە بە چاوی خۆشەویستی و ڕێزەوە لە تووشبووان بڕوانن. هیواداریـن هەمیشە بتوانین خەندە بخەینە سەر لێوی تووشبووان، سەبارەت بە حکومەتیش هیواداریـن خۆشەویستییان بە کردار بسەلمێنن بۆمان و ئەو پێداویستییانەی نییە، یان کەمن، بۆمان دابین بکەن، بەوەش کەمێك لە ئازارەکان کەم بکەنەوە و خەندە بخەنە سەر لێوی تووشبوان، ئەوە وتەیەکە هەمیشە دەکرێت کاری لەسەر بکریت، خۆشەویستیی تاکەکان هیوایە بۆ تووشبووانی تالاسیمیا.»

**دەخوازین هاووڵاتیان بە چاوی بەزەیی سەیری هیچ تووشبوویەکی تالاسیمیا و شێرپەنجە نەکەن، پێویستە بە چاوی خۆشەویستی و ڕێزەوە لە تووشبووان بڕوانن**

**کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان هەمیشە هاوکارە لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازارێک لە ئازارەکانی تووشبوانی تالاسیمیا و ڕەخساندنی کاتێکی خۆش بۆیان**

**سەنتەری تالاسیمیا بە هاوکاریی ڕێکخراوێک بە دیارییەکانیان دڵی تووشبووانیان خۆش کرد و خەندەیان خستە سەر لێوی تووشبوان**



# نیگار بە پەنجە ڕەنگینەکانی شیرینیی ژیان دەبەخشێتەوە

ژمارەی خانمانی خاوەن ئیرادە لەسەر لەبەری جیهان بە کوردستانیشەوە کەم نییە. زۆرن ئەو خاتوونانەی کە شان بە شانی پیاو هەوڵ دەدەن، بۆ ئەوەی بژێوی خۆیان و خێزانیان دابین بکەن. نیگار سالار، یەکێك لەو خانمانەیە و بە پەنجە ڕەنگینەکانی دەیان جۆر شیرینی دروست دەکات. ئەو خاتوونە دووکانێکی خنجیلانەی هەیە و بەرهەمەکانی تێدا دەفرۆشێت. وەك خۆی باسی دەکات، لە بری ئەوەی چاوەڕوان بێت، بۆ ئەوەی لە کەرتی گشتی دابمەزرێت، خۆی قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵیوە و تێکەڵ بە بازاڕی کار بووە، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی خەون و ئاواتەکانی خۆی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی






نیگار سالار لە گەڕەکێکی شاری هەولێر، بە پەنجە ڕەنگینەکانی دەیان جۆر شیرینی دروست دەکات و، تێکەڵ بە بازاڕی کار بووە. وەك خۆی باسی کرد، تەمەنی ٢٩ ساڵە و ماوەی ١٢ ساڵە هاوسەرگیری کردووە و دایکی دوو منداڵە و ماوەیەکە لەگەڵ خێزانەکەی لە شەقڵاوەوە هاتوون و لە هەولێر نیشتەجێ بوون. سەبارەت بە کارەکەیشی دەڵێت: «من زۆر لە مێژە حەزم لە دروستکردنی خواردن و شیرینی بوو، خزم و کەس و هاوڕێ و دراوسێکانیشم هەمیشە حەزیان لە خواردنەکانی من بوو، منیش بۆ هەمووانم دروست دەکرد، سەرەتا وەزعی ماددیمان زۆر باش بوو، لە شەقڵاوە خانووی خۆمانمان هەبوو، هاوسەرم چێشتخانەیەکی گەورەی هەبوو، لەبەرئەوە پێویستیم بە کارکردن نەبوو، بەڵام لەپڕ وەزعی ماددیمان خراپ بوو، نە خانوومان ما، نە چێشتخانە، مووچەی هاوسەرەکەشم ٤٠٠ هەزار دینار بوو، ٢٥٠ هەزار دینار کرێی خانووەکەمان بوو، جگە لە کرێی موەلیدە و کارەبا و ئاو، ئیدی بیرم لەوە کردەوە،کارێك بکەم و هاوکاریی خێزانەکەم بکەم، یەکەمجار لەماڵەوە دەستم بە دروستکردنی شیرینی و نانکردن و چێشتلێنان کرد، پاشان ئەم دووکانم لە گەڕەکی ئایندە٢ لە هەولێر کردەوە، ئێستاش کارەکەمم زۆر خۆش دەوێت، لێرەوە زۆرسوپاسی هاوسەرەکەم و ماڵی بابم دەکەم کە هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بوون و ئاسانکارییان بۆ کردم، بۆ ئەوەی بتوانم تێکەڵ بە بازاڕی کار بم.»

نیگار زۆر بە کارەکەی دڵخۆشە و وەك خۆی ئاماژەی پێ کرد، لە بری ئەوەی چاوەڕوان بێت، بۆ ئەوەی لە کەرتی گشتی دابمەرزێت، خۆی قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵیوە و تێکەڵ بە بازاڕی کار بووە. ئەو رای وایە: «هەر کەسێك دەتوانێت پشت بە ئیرادەی خۆی ببەستێت، کار بکات و بژێوی خۆی و خێزانی دابین بکات. نەك هەر چاوەڕوانی ئەوە بێت، کارێکی حکوومی هەبێت.» هاوکات دەڵێت: «زۆرینەی بەرهەمەکانم لە ڕیگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینتەرنێت و بەتایبەتی لە ڕێگەی ئینستاگرام دەفرۆشم، هەروەها نانی تیری دەکەم لەگەڵ خواردن وەك کفتە و دۆڵمە و بریانی و شفتە کە لەسەر داواکاری کڕیارەکانم بۆیان ئامادە دەکەم، هەروەها بۆ چەند مارکێتێك شیرینی ئامادە دەکەم.»

گوتیشی: «ئاواتمە دووکانەکەم گەورە بکەم و بیکەمە کارگەیەکی کەورە و بتوانم خزمەتی زیاتر بەکڕیارانی بەرهەمەکانم بکەم و بتوانم خەڵکی زیاتر بێنمە سەرکارو زۆرترین ئافرەت کارم لەگەڵ بکەن و سوودمەندبن.لە راستیدا بیرۆکەی ئەوەم هەیە، شتیك بکەم لە کوردستان نەبێت، بەڵام ئەو دەرفەتەم تا ئێستا نەبووە. بەو هیوایەم هەموو ئافرەتێك بتوانێت خاوەن کار و داهاتی خۆی بێت و هەوڵی بۆ بدات، چونکە لە ڕێگەی کارەکەیەوە دەتوانێت شان بە شانی هاوسەرەکەی لە دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی بەشدار بێت، هەموو کارکردنێکیش هەوڵدان و قوربانیدانی دەوێت.»

**زۆرسوپاسی هاوسەرەکەم و ماڵی بابم دەکەم کە هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بوون و ئاسانکارییان بۆ کردم، بۆ ئەوەی بتوانم تێکەڵ بە بازاڕی کار بم**

**ئاواتمە دووکانەکەم گەورە بکەم و بیکەمە کارگەیەکی کەورە و بتوانم خەڵکی زیاتر بێنمە سەرکار و زۆرترین ئافرەت کارم لەگەڵ بکەن**

**بەو هیوایەم هەموو ئافرەتێک بتوانێتخاوەن کار و داهاتی خۆی بێت و هەوڵی بۆ بدات**